**پەیامنێری سیخورمە**
**گەڵبی**

# نیو دەرزەن هەواڵی گوماناوی

1-کانی مانگا:ئەو تیمە ڤێتێرنەریەی کە لەلایەن رێکخراوی(**A.B.C.D.E**.) یەوە سەردانی ناوچەی کانی مانگایان کردبوو لەگەڕاندنەوەیاندا ئەم لێدوانەیان دایە پەیامنێرەکەمان:-
دوای پشکنینێکی زۆر بۆمان دەرکەوت هیچ مانگایەکی ئەو ناوچەیە توشی نەخۆشی ئەنفلۆنزای مانگا نەبوون وە بگرە تەندروستیشیان گەلێك لەمانگای فەرەنسی باشترە کە مەشهورە بە (البقرة الضاحکة) یەعنی مانگای دەم بە پێکەنین وە روی بابی ئەو کەسە رەش بێ کە ئەو خەبەری پێڕاگەیاندین.

USA -2

وتەبێژێك بەناوی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکاوە رایگەیاند وتی ئێمەش ئەمانەوێ پەیرەوی سیاسەتی دووحیزبە کوردستانیەکەی هەرێمی کوردستان بکەین بریارماندا لە هەڵبژاردنی داهاتووی وڵاتەکەمانا هەردوو حیزبی کۆماری و دیموکراسی بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەین.

3-هەرێمی کوردستان:

یەکێ لە حیزبە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند کە کاری دو کاندیدکراوی سەرکەوتوی حیزبەکەی هەڵپەسارد لەبەرئەوەی ئەو دوانە لە ئاخافتنی عەرەبیدا فەرقی بەینی موزەکەرو موەئەنەس ناکەن هەروەها بڕیاریشی دا جێگۆرکێیان پێبکا لەگەڵ دوو پەرلەمانتاری تری حیزبەکەیا کە ئێستاکە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانن.

4-ئەڵمانیا:

کۆمپانیای (**EMERG**) ی بەناوبانگی ئەڵمانی لەبواری دەرمانسازیدا لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی لەسەر بەرووی کوردەواری لایخۆمان ئەنجام داوە بۆی دەرکەوتوە کەوا بەڕوو باشترین و کاریگەرترین چارەسەرە بۆ نەهێشتنی ئازار واتە (موسەکین) بەمەرجێك بەکاڵی وەکو شاف بەکاربهێنرێت .وەهیچ زیانێکی لاوەکیشی نیە.

5-کۆشکی سپی:

چەند ماڵێکی دەرودراوسێی کۆشکی سپی دادو بێدادیانە لە سەرۆکە تازەکەی ئەمریکا ئەڵێن لەوەتەی ئەم خێزانە هاتوونەتە ئێرە مێش و مەگەز خواردوینی ئەو کۆشکە جوانەیان کردوە بەژێر پردەکە ئەنواعی تەیرو تیور و حەیواناتی تیا بەخێو ئەکەن قیرە قیری قازو قەلەمون و شتی واش لەولاوە بوەستێ.چونکە جێگا نی یە.

6-سەنغافورە:

بەمەبەستی رەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان و لاوانی خاوەن بڕوانامە حکومەتی ئەو وڵاتە فشاری خستە سەر خالید شینکی سەنغافوری بۆ پاككردنەوەی پایتەخت و شارەکان وە ئەمری بەو کۆمپانیایە کرد کە بەهیچ کلۆجێك دامەزراندن ئەنجام نەدا تەنها بۆ گەنجان و لاوانی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و فەمافەوق نەبێ.

